کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-4-2007 20:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# گۆڤاری لڤین کۆنفرانسێکی چوار ڕۆژی لە شاری سلێمانی ساز دەکات ... سامان حەمە کەریم

-سلێمانی

بەبۆنەی 109مین ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردیەوە گۆڤاری لڤین کۆنفرانسێکی چوار ڕۆژی لە شاری سلێمانی ساز کرد.

لە ژێردروشمی لەپێناو ڕۆژنامەگەری ئازاد لە کوردستان و عێراق، گۆڤارە لڤین هەڵسا بە سازدانی کۆنفرانسێك بۆ دەزگاكانی ڕاگەیاند لە بارەی ئازادی ڕۆژنامەگەریەوە لە کوردستان کە هاوکاتە لەگەڵ یادی 109 ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی. ئەم کۆنفراسە بەسەرپەرشتی دەزگای گەشەپێدانی عێراقی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی سازکراوە. کۆنفرانسەکە پاش نیوەڕۆی ئەمرۆ لە هۆڵی هۆتێل ئاشتی لە شاری سلێمانی دەستی پێکرد و ژمارەیەکی بەرچاو لە کەناڵە بیانی و ناوخۆییەکان لە هەمانکات ڕۆژنامەنووسانی عەرەبی و عێراقی و کوردی ئامادەی بوون و لەم کۆنفراسەدا پاش ئەوەی کە ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤاری لڤین ووتەی بەخێرهاتنی پێشکەش کرد و ئاماژەی بەوەدا کە لەدوای ڕاپەرینەکەوە بواری ڕۆژنامەگەری و کاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان بە بە بارودۆخێکی ناتەندروستدا تێدەپەڕێ و ڕۆژنامەنووسان لەکاتی جێبەجێ کردنی کارەکانیان ڕووبەڕووی چەندین ئاستەنگ بوونەتەوە لەلایەن دەزگاکانی ئاسایش و پۆلیس و بەرپرسانی حکومەتەوە. پاشان ووتەی دەزگای گەشەپێدانی عێراقی بۆ پەرەپێدانی مرۆیی پێشکەش کراو ئەویش ئاماژەی بەوەدا کە خوازیارە لە هەرێمی کوردستان و لە عێرقیش بوار بە ڕۆژنامەنووسان بدرێت بۆئەوەی کاری خۆیان ڕاپەڕێنن و ئازادنەو بێ هیچ گیروگرفتێك بتوانن کارەکانی خۆیان جێبەجێ بکەن. پاشان نووسەرو ڕۆشنبیر ڕێبین هەردی ووتارێکی پێشکەش کردو لە ووتارەکەیدا ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد کە بەداخەوە هەرچەندە چەند کارێك کراوە بۆ ڕۆژنامەنووس بەلام ئەوانە ناوی نانرێ کار چونکە لە هەرێمی کوردستان ڕۆژنامە نوسی و ڕاگەیاندن قۆرخ کراوە بۆ حیزبی دەستەڵات وە ناوبراو داوای لە بەرپرسان کرد کە هەوڵی ئەوە بدەن زیاتر بکرێنەوە بە ڕووی دەزگاکانی ڕاگەیاندن، هەروەها شەفاف بن و سەرچاوەی هەواڵ بۆ هەموو کەناڵەکان بەبێ جیاوازی ئازاد بکەن بۆئەوەی چیتر ڕۆژنامەنووس و کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان تووشی گیروگرفت نەبێت. پاشان موستەفای ساڵح کەریم نەقیبی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان ووتەیەکی پێشکەش کردو ئاماژەی بەوەدا کە لە هەرێمی کوردستان کاری ڕۆژنامەنووسی بەرەوپێشچوونی باشی بەخۆوە بنیوەو ئەو بەراوردی کرد لە نێوان کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان و ووڵاتە عەرەبیەکان وە هەرێمی کوردستانی بەوە دایە قەڵەم کە ڕۆژنامەنووس ئازادانە دەتوانێت کارەکانی جێبەجێ بکات.
ئەمەو بڕیارە ئەم کۆنفرانسە سێ ڕۆژی تر بەردەوام بێت و چەندین توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی تر لەسەر کاری ڕۆژنامەنوسی و ڕۆژنامگەری ئازاد لەلایەن مامۆستایانی زانکۆو کەسانی پسپۆڕ لە بواری ڕاگەیاندن پێشکەش بکرێت. ئەحمەد میرەی سەرنووسەری گۆڤارەکە بە تایبەت بە سایتی یەکگرتووی ڕاگەیاند کە ئەوان جگە لە چەند مامۆستایەکی کوردی زانکۆ چەند مامۆستایەکی عەرەبی تریشیان بانگکردوە کە چەندین بابەتی تایبەت بە بواری ڕۆژنامەگەری پێشکەش دەکەن وە ناوبراو ئاماژەی بەوەدا کە ئەوان لە ڕۆژی سێیەمدا چەند بەڵگەو دۆکیۆمێنتێك دەخەنە ڕوو کە ڕۆژنامەنوس لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

هەرێمی کوردستان ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گیروگرفت بۆتەوە، ئامـاژەی بەوەشدا کە لە دوای کۆتایی هاتنی کۆنفرانسەکە ئەوان کۆمەڵەیەك پێکدێنن بەناوی کۆمەڵەی داکۆکیکردن لە مافەکانی ڕۆژنامەنووس بۆ ئەوەی ئەو کۆمەڵەیە بتوانێت ڕێگری بکات لەو ئاستەنگانەی کە لە داهاتوو دێنە بەردەم کاری ڕۆژنامەنووسی لە هەرێمی کوردستان.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.